# ئاگایی لە نێوان ڕوناکی وتاریکیدا

ئەگەر هێڵێک ڕاکێشین بەرەو سەرەوە لە خاڵێکەوە، هەر وەها لە هەمان خاڵەوە بەرەو خوارەوە. دەتوانین بڵێین ئەوەی گەشەی ئاگایی هەیە لەو خاڵەوە بەرەو سەرەوە دەڕوات، ئەوەیشی پێچەوانەکەیەتی واتە گەشەی تاریکی دەکات لەو خاڵەوە بەرەو خوارەوە دەڕوات. خواروی ئەو خاڵە چی تێدایە؟ ئەوانەی تێدان کە لە قاڵب دراون، لە قوتوو کراون، سرووناکیدار کراون، ئاگایی خۆیان سرووناکیدار کردووە، ئیتر ئەکرێ بە هۆی هەژموونی حزبییەوە بێت یان بیرۆکەیەکی ئاینییەوە بێت یان ئیتر ئەوەتا شوێنکەوتووی شێخێک یان فەلسەفەیەک یان فیکرەیەک یان خێڵێک یان بنەماڵەیەک یان بەرژەوەندی ماددی ئیتر تاکەکەس بێت، هی بنەماڵە بێت، هی حزبەکە بێت، هی هەرچی بێت، تا کۆتایی دەڕوات ئەمە بەرەو خوارەوە، خوارەوە، خوارەوە تا دەگەتە بنەوە وبنکەی شەیتانە. یانی بوون بە شەیتان، شەیتانی بوونە. ئەگەر بە نمرە باسی ئیگۆی کەساکانی بکەین دەکرێ بڵێن لە خواروی ئەم خاڵەوە بڵێین ناقس یەک دەست پێ دەکات ناقس دوو تا ناقس هەزار، ناقس ملیۆن، ناقس گووگڵ، ناقس تا دەگاتە شەیتان. بەرانبەرەکەیشی لەو خاڵەوە کە وتمان بەرەو سەرەوە دەڕوات بەرەو ڕەهایی بێسنوور، ئەو کاتە کە خۆشەویستی هەمیشەیە، ڕەهایی تێدایە، فراوانییەکی بێسنووری تێدایە، شادی و خۆشی و نوورێکی بێکۆتایی تێدایە. من الظلمات لە خوارەوەیە، الی النور بەرەو سەرەوەیە. تەبعەن دیوی سەرەوەیش دیوی نوورەکەیش ئەویش چالاکبوونی رووح دەست پێدەکات لە پلەس یەکەوە دەست پێ دەکات دوو، سێ، هەزار، ملیۆن تا ئینفینیتی، ئینفینیتییەکەیشی کۆتاییەکەیشی بە خوای گەورەیە کە بێ سنورە ورەهایە.

دیوی خوارەوە دیوی تاریکی، دیوی لەقوتودانە، دیوی پۆلێن کردنە، تەحجیم کردنە. هەر کەسێک لە دیوەکەی روناکیەوە قسەیان لەگەڵدا بکات یەکەم شت هەوڵ دەدات لە قوتووی بدات یان پۆلێنی بکات، تەحجیمی بکات، سنووورداری بکات بە ئەوەی تۆ کێی؟ تۆ چیت؟ تۆ لە چ ڕێبازێکی، تۆ سەر بە کێی؟ هتد.. ئیتر پۆلێنی بکەن بە سیاسەتێک، بە فەلسەفەیەک، بە بیرۆکەیەک، بە لایەنگیرییەک، لە قوتووی دا لە ڕەهایی خۆی دەری بکات چونکە ئەو تێناگات لەئەوەی کە دەکرێ کەسێک ئازاد بێت ئەسڵەن، واتا ئەوەی لە ئەشکەوتەکەی ئیفلاتۆن دەرنەچوبێت ناتوانێت تێبگات چی هەیە لە دەرەوەی

**ئەشکەوتەکە. ئەسڵەن ئەو کەسەی لە رووناکیدا دەژی و ئاگایی گەشە دەکات، ڕۆحی چالاک بووە ئەو وەختە تەنیایەتی خۆی دەدۆزێتەوە، بێوێنەیی خۆی بەدەست هاتووە گەیشتووەتە ئەوەی کە ئەو خۆی بێوێنەیە. نەفخەیەکی ئیلاهییە، توانایەکی ڕەهایی بێسنووری تێدایە لەبەر ئەوەی لە ڕۆحی خوایە، ڕۆحی خواش سنووردار ناکرێت، ئەم لەبەر ئەوە کۆپی کەس نییە. دیوەکەی خوارەوەیش دیوی تاریکی زۆرجار کۆپی بوون، مەقابە بوون، سێبەر بوونی تێدایە. ڕەسەنایەتی تێدا نییە، ڕەسەنایەتی لە رووناکیدا. ئەمە بیرۆکەیەکی ئەبستراکتە، موجەرەدە، ئەکرێ کەسێک لە لایەنێک لە ڕوویەک لە تاریکی بێت لە شتێکی تردا لە ڕووناکی بێت، لە ڕەهەندێکدا بەرەو تاریکی بڕوات لە ڕەهەندێکی تردا بەرەو نوور بڕوات، لەبەر ئەوە ئەم مرۆڤە مەخلووقێکی زۆر ئاڵۆزە، هەموو گەردوونی تێایدا کۆبووتەوە.**

وتحسب أنك جرم صغير وفيك انطوى العالم الأكبر

تۆ پێت وایە تۆ بوونێکی بچووکیت، بەڵام لەناوی تۆدا جیهانی گەورە

**بەڵام بە گشتی دیوی تاریکی زیاتر بێمتمانەیی با، بێمتمانەیی باڵی بەسەردا ڕادەکێشێت و دڵەڕاوکێ و نائارامی. دیوی نوورەکەیشی بە پێچەوانەوە سیقە و خۆشەویستی و ساغ و سەڵامەتی و ئیتر هەستە باشەکانی پێوەری هاوکینز کە باسی دەکات هەموو پۆزەتیڤەکانی دەکەوێتە سەرەوە.**




| دۆخ | هەست | دیدگای ژیان | ئاست | نمرە |
|---|---|---|---|---|
| هۆشیاری تەواو | وەسف نەکراو | تواناداربوون | ڕۆشنگەری | 1000 700 |
| ڕۆشنگەری | سوپاسگوزاری | تەواویی | ئاشتی | 600 |
| دەرکەوتن | سەکۆن | کاملّی | شادمانی | 540 |
| ئیلهام | ڕێزگرتن | نەرمی | خۆشەویستی | 500 |
| ڕووتکردنەوە | تێگەیشتن | واتاکان | دانایی | 400 |
| بەرزیی | لێخۆشبوون | هاوئاهەنگی | قەبوڵکردن | 350 |
| مەبەست | گەشبینی | هاوکاری | ئامادەیی | 310 |
| ئازادکردن | متمانە | ڕەزامەندی | بێلایەنی | 250 |
| بەهێزکردن | پشتڕاستکردنەوە | سوودمەندی | ئازایەتی | 200 |
| فیزکردن | ڕەتکردنەوە | داواکاری | لەخۆباییبوون | 175 |
| شەڕخوازانە | رق | دوژمنایەتی | تووڕەیی | 150 |
| کۆیلایەتی | تینوویەتی | بێئومێدی | ویستن | 125 |
| شکستخواردن | دڵلاڕاوکێ | ئەستەمبوون | ترس | 100 |
| وابەستەیی | پەشیمانی | خەمگین | خەم | 75 |
| جێهێشتن | خەفەت | بێهیوا بوون | بێدەربەستی | 50 |
| لەناوبردن | لۆمە | شەڕ | گوناه | 30 |
| ڕیشەکێشکردن | سووکایەتی | کۆڵە | شوورەیی | 20 |

جا کەسێک ئێستا ئەم باسە دەخوێنێتەوە ئەگەر خەمی ئەوە بێت لەبری ئەوەی حاڵی بێت لە مانای ئەم وشانەی کە باس دەکرێت، بەڵکو خەمی ئەوە بێت بزانێ ئەمە بەرەو کوێمان دەبات، ئەمە سەر بە کێیە، ئەمە سەر بە چییە، ئەمە مەبەستی چییە، ئەمە بیرۆکەی چییە، سەر بە کوێیە؟ ئەو خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکە ئەو کەسە بەداخەوە ئەمەی پێ بڵێم چەندە ئەو بیرۆکەت لە ناخدا کارا بێت ئەوە ئەوەندە تۆ لە تاریکیدا و بەرەو خواریدا ڕۆچووی. یانی گەشەی تاریکیت زۆرە و پێویستە ئاگات لە خۆت بێت.

ئەی لەوانەیە کەسێک بڵێ ئەی تۆ کێی وچۆن سیقە بە قسەکانت بکەین، چۆن باوەڕ بەم قسەیە بکەم کە تۆ دەڵێیتی؟ ئێ خۆی ئەمە ئەسڵ و کرۆکی باسەکەیە کە ئەوەیە تۆ سیقەی ڕەها بە هیچ کەسێک نەکەی و خۆت ڕادەستی هیچ کەسێک نەکەی، چونکە هەموو قسەیەک کە هەرکێ دەیکات قسەی خۆیەتی، ڕای و بۆچوونی خۆیەتی، تۆ پێویستە قسەی غەیرەی خۆت بە ئەزموونی غەیری خۆت بزانی، ئەزموونێکی ترە، مرۆڤێکی ترە، ئەکرێ تۆ جیاواز بێت. بەڵام پێویستە تۆش ئەزموونی خۆتت هەبێت، قسەی خۆتت هەبێت، بوونی خۆتت هەبێت. قەناعەتی خۆتت هەبێت وبگەڕێی لە کامەوە ڕۆحت گەشە دەکات. کە دەڵێین بگەڕێ یانی بە عەقلێکی کراوە سوود دەبینیت لە ئەزموونی خەڵکی تر.

ئەمەش پەیوەست نییە بە ئاستی عەقڵییەوە یان ئاستی خوێندەوارییەوە بەڵکو باسەکە چالاکی ڕۆحە، هەموو مرۆڤێکیش ڕۆحی هەیە ئیتر چەندێ ژەنگی گرتووە، چەندێ لە تاریکیدایە، چەندێ دەتوانێ گەشەی پێ بکات ئەوە ئیشەکەیە.

شایانی باسە بڵێین گەشەی ئاگایی و چالاکبوونی ڕۆح دوای ڕزگاربوون دێت لە ترس و لە سنوورداری و هێڵە سوورەکان. کەسێ هەتا لەژێر هەژموونی ترسدا بێت و نەوێرێت ئازادانە بیر بکاتەوە و ئەو مافە بە خۆی نەدات کە جگە لە خوا هیچ کەسێک لەسەرووی ئەو نییە، ناتوانێت، لەبەر ئەوەیش زۆرینەی مرۆڤایەتی ناتوانن. ئەوەی ئاساییە تۆ ئەم شتانە دەبیستی یان دەیخوێنیتەوە کە بڵێی واڵڵاهی تێناگەم لەم قسانە. ئەگەر وا بوو ئەوە خاڵێکی باشە، ئەمە پۆزەتیڤە چونکە ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە تۆ گوێ دەگری یان بیر دەکەیتەوە وزیندوی. ئەوەی کە نائاساییە کەسێک دەیخوێنێتەوە یان دەبیستێ بڵێ دەزانم، ئەوە خۆی ئاماژەیە ئەو کەسە دیسانەوە بەڵگەیە کە ڕۆچووە لە تاریکیدا، لەبەر ئەوەی ئەم باسە پەیامێکی جیاوازە. پەیامی منە ومنیش تۆ نیم.